# شەڕ لە کوردستان، ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لە سەر شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ساڵی ٢٠٢١ی کوردستان + خشتەی شەڕەکان

هەنگاو :لەماوەی ساڵی ڕابردووی زایینی و بە هۆی شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان حیزب و لایەنە کوردستانییەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکەی ٣٠ کەس گیانیان لە دەست داوە و یان بریندار بوون.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لەماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا، لانیکەم ١٢ تێکهەڵچوون لە کوردستان ڕووی داوە کە ٨ حاڵەت کەمتر بووە لە ساڵی ڕابردوو.

بە پشتبەستن بە ئامارەکانی هەنگاو، لە ئەنجامی ئەو تێکهەڵچوونانەدا ١٣ ئەندامی سپای پاسداران، هێزی ئینتزامی و ئەندامی بەسیجی ئێران کوژراون و لە بەرانبەردا ١٣ ئەندامی حیزبە کوردستانییەکا ن کوژراون و ٣ گریلاش بە دیل گیراون.

زیاترین تێکهەڵچوون لە پارێزگای ئورمیە تۆمار کراوە کە لە کۆی ئەو ١٢ تێکهەڵچوونە ٩ حاڵەتی لە پارێزگای ئورمیە ڕووی داوە .لە پارێزگای سنەش ٣حاڵەتی تێکهەڵچوون تۆمار کراوە

## جیاکردنەوەی تێکهەڵچوونەکان

لە کۆی ئەو تێکهەڵچوونانە پژاک و پ ک ک بەرپرسیارێتی ٦ تێکهەڵچوونیان بە ئەستۆ گرتووە،هەروەها.حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) حدکا (و گرووپەکانی نزیک لەو حیزبە) هەڵۆکانی زاگرۆس (٦ تێکهەڵچوونیان ئەنجام داوە.

## قوربانیانی لایەنە سیاسیەکان

بە پشتبەستن بە ئامارەکانی هەنگاو، لە ئەنجامی ئەو ١٢ تێکهەڵچوونەدا ٩گریلای پژاک و پ ک ک و ٤ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانگیانیان لە دەست داوە.

هەروەها، بە پشتبەستن بە ئامارەکانی هەنگاو، لە ساڵی ٢٠٢١ دا لانیکەم ٢ گریلای پژاک لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی هەرێمی کوردستان بە هۆی بوردمانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیاوە گیانیان لە دەست داوە.

## تۆپباران و هێرشی ئاسمانی

لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١ هێزەکانی سپای پاسداران ١٠ جار بەرزاییەکانی کوردستانیان تۆپباران کرد و دوو جاریش بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بنکەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتیان لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کردە ئامانج.

ئەم تۆپبارانانە زیانی گیانییان نەبووە و تەنیا زیان بە ژینگەی ناوچەکە گەیشتووە.

## لە ساڵی ڕابردوودا ١٨ لاوی ڕۆژهەڵاتی لە باکوور، ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان گیانیان لە دەست داوە

بە پشتبەستن بە ئاماری هەنگاو، لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا، لانیکەم ١٨ گریلای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبەکانی نزیک لەو حیزبە، لە باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان گیانیان لە دەست داوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان گیان لە دەست دانی ئەو ١٨ گریلایە بە

فەرمی لە میدیاکانی خۆی بڵاو کردووەتەوە.

## تیرۆری چالاکانی سیاسی

بە پشتبەستن بە ئاماری هەنگاو، لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١ دا، لانیکەم ٤ چالاکی سیاسی کورد لە شارەکانی پێنجوێن،م سلێمانی و هولێرە لەلایەن دام و دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە تیرۆر کراون.

ئاکۆ فەتحی و مێهدی ڕەزایی گریلای پژاک و هەروەها پێهرووز ڕەحیمی ئەندامی پژاک و موسا باباخانی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) لە شارەکانی پێنجوێن، سلێمانی و هەولێر تیرۆر کراون.

بەگویرەی ئەو بەڵگانەی کە دەست هەنگاو کەوتووە و ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجاممان داوە، وەک هەنگاو پشتڕاستی دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هێشتاش پێبەندی مافەکانی پشتیوانی چاوەدێر لە شەڕە چەکدارییە نێوخۆییەکاندا و یاسا بنەماییە مرۆڤدۆستانەکان وەکوو قەدەغە کردنی بەکار هێنانی چەک و چۆڵی تەقینەوەی و هەروەها جیاکردنەوە حەشیمەت و شوێنی ناسەربازی لە ئامانجە سەربازییەکان نییە.

ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لە سەر تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی ٢٠٢١ی کوردستان

## خشتەی تێکهەچوونەکانی ساڵی ٢٠٢١

| ڕیز | شار | ڕێکەوت | حیزب | شوێن | ق.حیزبەکان | ق.هێزەکانی ئێران |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پیرانشار | ١٦.٤.٢٠٢١ | هەڵۆکانی زاگرۆس | پیرانشار | نەیبووە | ١ پاسدار |
| ٢ | مەریوان | ٢٢.٤.٢٠٢١ | پژاک | مەریوان | نەیبووە | ٢ پاسدار |
| ٣ | سەڵماس | ١١.٥.٢٠٢١ | پ ک ک | سەڵماس | ٤گریلا | ٣ پاسدار |
| ٤ | مەهاباد | ١٩.٥.٢٠٢١ | حدکا | مەهاباد | ٢ پێشمەرگە | ٥ پاسدار |
| ٥ | پیرانشار | ٢٩.٥.٢٠٢١ | حدکا | پیرانشار | ٢ پێشمەرگە | نەیبووە |
| ٦ | بانە | ٩.٦.٢٠٢١ | پژاک | بانە | ١ گریلا | نەیبووە |
| ٧ | سەوڵاوا | ١٥.٦.٢٠٢١ | پژاک | سوورەتوو | ٤ گریلا | ٩ بریندار |
| ٨ | شنۆ | ١٢.٧.٢٠٢١ | حدکا | نەرزیوە | نەیبووە | نەیبووە |
| ٩ | بۆکان | ٢٤.٧.٢٠٢١ | پژاک | عیلم ئاباد | ١دیل | نادیار |
| ١٠ | مەهاباد | ٢٦.٨.٢٠٢١ | هەڵۆکانی زاگرۆس | مەهاباد | نەیبووە | ١ پاسدار |
| ١١ | شنۆ | ١٦.٩.٢٠٢١ | پ ک ک | خنێرە | ٣دیل | نادیار |
| ١٢ | پیرانشار | ٥.١٠.٢٠٢١ | حدکا | پیرانشار | نەیبووە | ١ کادری ئیتلاعات |
| | | | | | | |
| | **کۆ** | | | | **١٣ کوژراو ٣ دیل** | **١٣ کوژراو و ٩ بریندار** |

## خشتەی تایبەت بە تۆپبارانەکان لە ساڵی ٢٠٢١

| ڕیز | شار | ڕێکەوت | شوێن | جۆری هێرش | قوربانییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەوڵاوا | ٥.٤.٢٠٢١ | دەڵەمەرز | تۆپباران | نەیبووە |
| ٢ | سەڵماس | ١١.٥.٢٠٢١ | ئوغولبووب | تۆپباران | نەیبووە |
| ٣ | سەوڵاوا | ١٥.٦.٢٠٢١ | سوورەتوو | تۆپباران | نەیبووە |
| ٤ | نەوسوود | ٢٦.٧.٢٠٢١ | شەرەکان | تۆپباران | نەیبووە |
| ٥ | سەوڵاوا | ٢٦.٨.٢٠٢١ | دیوەزناو | تۆپباران | نەیبووە |
| ٦ | چۆمان | ٩.٩.٢٠٢١ | هەڵگورد | تۆپباران و بێپاد | نەیبووە |
| ٧ | سیدەکان | ١٠.٩.٢٠٢١ | بەربەزین | تۆپباران و پێهپاد | نەیبووە |
| ٨ | سیدەکان | ١١.٩.٢٠٢١ | بەربەزین | تۆپباران | نەیبووە |
| ٩ | سیدەکان | ١٣.٩.٢٠٢١ | بەربەزین | تۆپباران | نەیبووە |
| ١٠ | سیدەکان | ١٤.٩.٢٠٢١ | بەربەزین | تۆپباران | نەیبووە |